

ژنەکەی بە فیتی ژنەکەی فابریگاس وازی لێناهێنێت..

# مێسی بە ناچاری دەچێتە چێڵسی

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

رۆژنامەیەکی ئینگلیزی دەڵێت «ژنەکەی سیسک فابریگاسی یاریزانی ئیسپانی پێدرۆ رۆدریگزی بردووەتە یانەی چێڵسی و بەهەمانشێوە لیۆنێل مێسیش دەباتە ریزەکانی ئەو یانە لەندەنییە».

بە گوێرەی رۆژنامەی میرۆری بەریتانی، فابریگاسی یاریزانی یانەی چێڵسی و دانییێلا سەمعانی هاوسەری ماوەی چەند مانگێکە پلانێکیان بەدەستەوەیە بۆ راوکردنی دوو یاریزانی بارسێلۆناو بردنیان بەرەو ریزەکانی چێڵسی و نووسیویەتی «تاوەکو ئێستا نیوەی پلانەکەیان سەریگرتوووەو پێدرۆ رۆدریگزیان بردووەتە چێڵسی. نیوەی دیکەی پلانەکەشیان ماوەو کاری لەسەر دەکەن بۆ ئەوەی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینیش بەرەو لەندەن راپێچ بکەن».

بەقسەی ئەو رۆژنامەیە ژنەکەی فابریگاس هاورێیەکی زۆر نزیکی ژنەکەی مێسی و ژنەکەی پێدرۆیە «دانیێلا وای لە کارۆلینا مارتن کرد پێدرۆی هاوسەری ناچاربکات بچێتە چێڵسی، لە کاتێکدا زۆر نزیکبوو لە چوونە ریزەکانی مانچستەر یونایتد، بەهەمانشێوە لەبەر گوێی ئەنتۆنێلاش دەخوێنێت بۆ ئەوەی ئەویش مێسی ناچار بکات بچێتە چێڵسی».

رۆژنامەی دەیلی ئێکسپرێسی ئینگلیزیش لەو بارەوە ئاشکرایکردووە کە ئەنتۆنێلا بە فیتی دانیێلا واز لە مێسی ناهێنێت و بەردەوام پێیدەڵێت پێویستە بچێتە چێڵسی و نووسیویەتی «دانییێلا سەمعانی هاوسەری فابریگاس لەگەڵ ئەنتۆنێلای هاوسەری مێسی زۆر هاورێیە و پەیوەندیان زۆر باشە، بۆیە ئەگەر مێسی بەقسەی ژنەکەی بکات ئەوا دەچێتە چێڵسی».

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (364) سێشەممە 2015/8/25 3ی گەلاوێژ 2715 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

# کریستیانیتۆ بکوژی کریستیانۆ

"ئەمساڵ کریستیانیتۆ رۆڵی ساڵی رابردووی شایک دەبینێت"



LOTTO

براوەکانی چلویەکەمین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی)

1 ـ محیەدین ئیسماعیل. 2 ـ ئاراز مەحموود. 3 ـ هۆکار محەممەد. 4 ـ رێبین حەسەن. 5 ـ سەلاحەدین ئیسماعیل


8



ڤینگەر 14 ساڵە بە ریال

مەدرید دەڵێت نەخێر

5



جەماوەری ریال و بارسا ناپاکترینن بۆ هاوسەرەکانیان 4»



## ئەنجامی نادەن

ئەمساڵ یانەی هەولێر جیاواز لە یانەکانی دیکەی کوردستان و عێراق ناتوانێت کەمپی مەشقی لە دەرەوەی وڵات ئەنجام بدات و تاوەکو ئێستا لە ناو شاری هەولێر مەشقەکانی ئەنجامدەدات. لەو بارەوە مەحموود عەزیزی جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەولێر بە (رووداوی وەرزشی) گوت "بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئێمە ناتوانین هیچ کەمپێکی مەشقی لە دەرەوەی وڵات ئەنجام بدەین، بەڵام بەپێی پلانێک لە هەولێر ئامادەکارییەکانمان بە باشی ئەنجام دەدەین".

### بە بەرگێکی کوردانەوە شەڕی یانەکانی عێراق دەکات..

# ئەم وەرزە ئەرکی ئیمپراتۆر قورسە



**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**رووداوی وەرزشی - هەولێر**

تیپی تۆپی پێی یانەی هەولێر بە پێکهاتەیەکی زۆرینەی کوردەوەو لە بارودۆخێکی تایبەتدا، کە قەرزی 5 ملیار دیناریشی لەسەرە، خۆی بۆ وەرزی نوێی خولی عێراق ئامادە دەکات و سەرۆکی یانەکەش هەوڵدەدات هێرشبەری بەرازیلی بۆ تیپەکەی دابین بکات.

### ئامادەکاری بۆ وەرزی نوێ

بەپێی بەدواداچوون و زانیارییەکانی (رووداوی وەرزشی)، لە سەرەتای ئەم مانگەوە یانەی هەولێر لە ژێر سەرپەرشتی ستافێکی مەشق، کە پێکهاتوون لە ئەحمەد سەڵاحی راهێنەر، مۆفەق یونس یاریدەدەر و کاوە ئیبراهیم راهێنەری گۆڵپارێزان، دەستی بە مەشق و ئامادەکاری کردووە بۆ بەشداریکردن لە وەرزی نوێ خولی نایابی عێراقدا، کە بڕیارە لە رۆژی 15ی ئەیلوول دەستپێبکات.

رێبین رەمزی، بەرپرسی راگەیاندنی یانەی هەولێر بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند، یانەکەیان گرێبەستی لەگەڵ 20 یاریزان واژووکردووە، کە 18 یان کوردن و تەنیا 2 عەرەبن، ئەوانیش بورهان جومعە و محەممەد جەفالن و گوتی "سەرەڕای ئەوەی هەولێر 5 ملیار دینار قەرزارە، بەڵام سوورە لەسەر ئەوەی بەشداری وەرزی نوێ بکات و لە کاروانی خولی عێراق دانەبڕێت".

### بەرگێکی کوردانە

هەولێر، کە خاوەنی 4 نازناوی خولی نایابی عێراقەو زۆرترین بەشداری لە خولەکانی ئاسیادا هەیە، ئەم وەرزە بارودۆخێکی تایبەتی هەیەو بە ناچاری و بەهۆی نەبوونی پارەوە زۆرترین یاریزانی کوردو خۆماڵی لە ریزەکانیدا کۆکردووەتەوە، بۆیە ئەم وەرزە بەرگێکی کوردانە دەپۆشێت. رێبین گوتی "تەواوی یاریزانەکان گرێبەستیان لەگەڵ کراوەو مووچە وەردەگرن، بەڵام پارەی گرێبەستەکان رەمزییە و زۆر نییە".

### پیشەگەری بەرازیلی

یانەی هەولێر، کە نازناوی ئیمپراتۆری پێ بەخشراوە، بە رابەرایەتی د. عەبدوڵڵا مەجید سەرۆکی یانەکە، لە هەوڵی ئەوەدایە هەرچۆنێک بێت 3 تا 4 یاریزانی پیشەگەر بهێنێتە ریزەکانی، لە نۆبەرەی ئەو هەوڵانەشدا، یاریزانێکی بەرازیلی بەناوی جاڤان دا لیما گەیشتووەتە هەولێر و تاقیدەکرێتەوە، پێش ئەوەی گرێبەستی لەگەڵدا واژووبکرێت، هەروەها بڕیار وایە یاریزانێکی دیکەی بەرازیلیش پەیوەندی بە مەشقەکانی هەولێرەوە بکات بۆ هەمان مەبەست، جگە لەوە دوو یاریزانی کوردی دانیشتووی ئەورووپا، بە ناوەکانی (کامیار عادل و دانیال عەلی) گەیشتوونەتە پایتەخت بۆ ئەوەی تاقی بکرێنەوەو ئەگەر ئاستیان باش بوو، پەیوەندی بە تیپەکەوە دەکەن.

هەولێر پێشەنگی هەموو یانەکانی عێراق بووە لە هێنانی یاریزانی بیانی و یەکەم یانەش بوو لە عێراقدا، کە یاریزانی پیشەگەری هێنایە ریزەکانییەوە. د. عەبدوڵڵا مەجید لە لێدوانێکدا بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند "هەوڵدەدەین 2 تا 3 یاریزانی پیشەگەر بهێنینە یانەکەمانەوە، کە هەرچەندە لەو بارودۆخەدا ناتوانین یاریزانی سوپەر و زۆرباش بهێنین، چونکە پارەیەکی زۆری دەوێت، بەڵام هەوڵدەدەین یاریزانی گونجاو بۆ خولی عێراق بهێنینە یانەکەمانەوە".

### بێ سپۆنسەرە

لەگەڵ ئەوەی یانەکە لە ئاستی عێراق و کوردستان و تەنانەت وڵاتانی ئاسیا و عەرەبیش ناوبانگێکی گەورەی هەیە، بەڵام بۆ ئەم وەرزە تاوەکو ئێستا لەلایەن هیچ کۆمپانیایەکی بازرگانییەوە سپۆنسەر نەکراوەو هیچ گرێبەستێکی ریکلامیشی بۆ درێس و پانتاییەکانی یاریگەکەی نییە، ئەمەش بە کەمتەرخەمییەک بۆ کارگێڕیی یانەکە دێتە هەژمارکردن، چونکە لەو قۆناخەدا پێویستە یانەکە جووڵە بکات بۆ هێنانی سپۆنسەر و رێکلام. رێبین رەمزی لەو بارەوە گوتی "کۆمپانیا هەیە پارەی کەم دەدات کە لەگەڵ پێگەو ناوبانگی یانەی هەولێر ناگونجێت، بە گشتیش ئەو کۆمپانیایانەی ئامادەن سپۆنسەری یانەکەمان بکەن، ژمارەیان زۆر کەمەو تاوەکو ئێستا هیچ ئۆفەر و دەستەوارەیەکی گونجاو نەهاتووەتە پێش".

هەولێر کە پێشتر لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە پاڵپشتیی دارایی دەکرا، دوو ساڵە بەهۆی قەیرانی داراییەوە هاوکارییەکی ئەوتۆ نەکراوەو کەوتووەتە ژێرباری قەرزێکی زۆرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی داهاتی لەو شوێنە بازرگانییانە دێتەدەست، کە لەسەر موڵکی یانەکەو لە دەوروبەری یاریگەکەیدا دروستکراون.

### یاری ئامادەکاری

یانەی هەولێر لەم ماوەیەدا بۆ خۆئامادەکردن بۆ وەرزی نوێ، دوو یاری دۆستانەی ئەنجامداوە، لە یەکەمیاندا بە گۆڵێک لە یانەی کۆلێژی جیهانی بردەوە، کە یانەیەکی پلە دووی کوردستانە، لە یاری دووەمیشدا بەهەمان ئەنجام لە یانەی گارەی بردەوە، کە ئەم وەرزە لە خولی نایابی کوردستاندا یاریدەکات، بڕیاریشە چەند یارییەکی دیکەی ئامادەکاری بکات، پێش ئەوەی خولی عێراق دەستپێبکات.

### وەرزی نوێی خولی عێراق

بڕیارە لە 15ی مانگی داهاتوو وەرزی نوێی خولی نایابی عێراق بە بەشداری 20 یانە دەستپێبکات، کە تیپەکان بەسەر 2 کۆمەڵەدا دابەشکراون و هەر کۆمەڵەیەک 10 یانە لەخۆدەگرێت، دواتر لە هەر کۆمەڵەیەک 4 یانە سەردەکەون بۆ قۆناخی بژاردەو لەوێشدا هەر 8 یانە خولێکی دیکە بە 2 قۆناخ ئەنجامدەدەن و ئەو یانەیەی زۆرترین خاڵ کۆبکاتەوە، دەبێتە پاڵەوان.

کۆمەڵەکانی ئەم وەرزەش بەمشێوەیە دابەشکراون:

کۆمەڵەی یەکەم: تەڵەبە، سەماوە، نەفت، زەورا، کارەبا، نەفتی میسان، نەفتی جنوب، نەفتی ناوەڕاست، کەرخ و دهۆک.

کۆمەڵەی دووەم: زاخۆ، مینا، سناعە، حدود، هەولێر، بەغداد، جەوییە، شورتە، کەربەلا و نەجەف.

### لەبەر بێپارەیی..

# خانزاد ناتوانێت بەشداری لە پاڵەوانیەتی جیهاندا بکات

### "یاریزانەکانمان لەسەر گیرفانی خۆیان بەشداری لە پاڵەوانییەتییەکاندا دەکەن"



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - هەولێر**

سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند "بەهۆی هاوکاریی نەکردنمان، ژمارەیەک لە یاریزانانمان لەسەر گیرفانی خۆیان بەشداری خول و پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە دەکەن".

بەهۆی ئەو بارودۆخە داراییە ناڵەبارەی ئێستا کوردستان پێدا دەڕوات، تیپی شەترنجی خانزادیش کە ئاست و ئەنجامی باشی لەسەر ئاستی عێراق و ئاسیا و جیهان هەیە، تووشی قەیرانی دارایی بووەو بەو هۆیەوە لە بەشداریکردن لە کۆمەڵێک پاڵەوانیەتی بێبەش بووە.

دڵزار حەمە ساڵح، سەرۆکی یانەی وەرزشیی خانزاد بە (رووداوی وەرزشی) گوت "بۆ پاڵەوانیەتییە تاکەکان یاریزانانی ئێمە لەسەر گیرفانی خۆیان بەشداردەبن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەستبێنن، بەڵام بۆ پاڵەوانیەتییە گەورەکان بەبێ هاوکاری ناتوانین بەشداربین". ئەو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "ئێمە هەڵگری نازناوی پاڵەوانیەتی یانە پاڵەوانەکانی عەرەبی ساڵی رابردووین و ئەمساڵیش لە وڵاتی مەغریب ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەگەر حکومەت هاوکاریمان نەکات، یان هیچ سپۆنسەرێکمان نەبێت، بێگومان ناتوانین بەشداربین و پارێزگاری لە نازناوەکەمان بکەین".

سەرۆکی یانەی وەرزشیی خانزاد، هەروەها گوتیشی "لە مانگی 11ی داهاتوو پاڵەوانیەتی جیهان لە پۆڵەندا بەڕێوەدەچێت، داوا لە حکومەت و کۆمپانیاکان دەکەین هاوکارمان بن بۆ ئەوەی یاریزانانی کورد لە بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی جیهان بێبەش نەبن، کە لەتوانایاندایە ناو و ئاڵای کوردستان لەو بۆنە جیهانییە گەورانەدا بەرزبکەنەوە".



**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**

# هەولێر.. وەرزی نوێ و جەماوەر

دوای ئەوەی یانەی هەولێر پارەی نەماو حکومەتیش لەو قۆناخەدا ناتوانێت وەکجاران بە ملیار پارەی پێبدات تاوەکو یاریزانی عەرەب و پیشەگەر بهێنێت، یانەکە دواجار بە ناچاری گەڕایەوە بۆ رۆڵەکانی خۆی و لەم وەرزەدا بەشێوەیەکی گەورە پشتیان پێدەبەستێت.

بەڵێ، ئەم وەرزە یانەی هەولێر لەگەڵ ئەوەی نزیکەی 5 ملیار دینار قەرزارە، بەڵام بڕیاریداوە بەشداری خولی عێراق بکات و تا نووسینی ئەم بابەتەش، گرێبەستی لەگەڵ 20 یاریزان کردووە، کە 18 یان کوردن و ناشنازانم ئەو یاریزانانە گرێبەستیان لەسەر چی واژووکردووە، لە کاتێکدا یانەکە قەرزاری پارەی گرێبەستی دوو وەرزی رابردووی یاریزانەکانیەتی، بەڵام ئیدی ئەوە دیارە کوڕە کوردەکەیەو ئامادەیە بەخۆڕایی خزمەت بکات و دڵنیاشم زۆربەیان باسی پارەیان لەگەڵ یانەکەدا هەر نەکردووە.

پێموایە ئەرکی یانەکە لە رکابەریکردنی یانە گەورەکانی دیکەی عێراق لەم وەرزەدا زۆر قورس دەبێت و رەنگە ئەنجامی خراپی دووچاربێت، بەڵام شارەزایان و رۆژنامەوانانی وەرزشی، ساڵانێکە لە ئەمڕۆ دەترسان و بۆ ئەمڕۆ دەگریان. چۆن؟ ئاخر هەر ئێمە بووین دەمانگوت با یاریزانی کورد یارییبکات و رۆڵەی شارەکەو هەرێمەکە زیاتر دڵیان بە شار و ناوی یانەکانیان دەسووتێت و دڵسۆزترن، بەڵکو پێشبکەون بۆ رۆژێکی وەک ئەمڕۆ ئامادەبن و منەتمان بە کەس نەبێ، بەڵام لە دوای 1997ەوە قڕانی یاریزانی کورد لە هەولێر و زۆربەی یانەکانی کوردستان، ئەوانەی لە خولی عێراق بەشدارن، دەستپێیکرد و وایانکرد، یاریزانی کورد بەشێوەیەکی باش پێشنەکەوێت و کاریان نەکرد ئەستێرەو سوپەرستارێک لە یانەیەکی کوردستان بوونی هەبێت، ئەوەتا لە پێکهاتەکانی یەکەم و ئۆڵۆمپی و لاوانی عێراقیشدا یاریزانێکی کوردی باشوور بوونی نییە، هەرچەندە ئەوەیان تا رادەیەک پەیوەندی بە رەگەزپەرستی و تایفەگەری بەرپرسانی تۆپی پێی عێراقەوە هەیە، ئەگەرنا ئەوانیش هیچی ئەوتۆیان لە یاریزانانی ئێمە زیاتر نییە.

من ئێستاش دەڵێم، لە نەوەی نوێداو بەتایبەتی لە دوای بەشداری هەولێر لە خولی عێراق لە 1996 و 1997، یاریزانێکی کوردی هەولێر نەبووە سەرنجی جەماوەر رابکێشێت و ناوبانگ لە ئاستی عێراقدا پەیدابکات، لە شێوەی محەممەد خۆشناو، سەڵاحەدین سیامەند، رافد بەدرەدین و پشتیوان شبیب و ئەوانی دیکە. بەشێوەی گشتیش پێموایە ئەگەر خولی نایابی کوردستان نەبووایە، ئەوەندە یاریزانەشمان نەدەبوو نوێنەرایەتی یانەکانمان بکەن لە خولی عێراقدا. ئەوەی یانەی دهۆک وەرزی رابردوو لە خولی عێراق کردی، سەرکێشییەکی گەورەبوو، دەکرێ ئەم وەرزە بەردەوامبێت و هەولێریش بەهەمانشێوە بە رۆڵەکانی خۆی شان بداتە بەر ئەم ئەرکە قورسە. بەڵام ئەوەی گرنگە، جەماوەری وەرزشییە، کە رۆڵێکی گەورەیان دەکەوێتە سەرشان، بە تایبەتی هاندەرانی یانەی هەولێر کە پێویستە بگەڕێنەوە یاریگە و هانی کوڕە کوردەکان بدەن، بۆ ئەوەی سیزنێکی نوێ لە نووسینەوەی مێژووی تۆپی پێی هەولێر دەستپێبکات و ئەو سەرکێشییەی ئەم وەرزە دەکرێت، سەرکەوتووبێت. ئیدی ئەو بیانووەشمان نەما کە بڵێین یاریزانی کورد یاری ناکات و تیپەکە مۆرکێکی کوردانەی پێوەنییە، لەوەش گەڕێن ئیدارەی یانەی هەولێر زۆر کەمتەرخەمبووە بەرامبەر دەستەو تەواوی هاندەرانی، هەر دوێنێ بوو لە بری هاندەرە دڵسۆز و رەشوڕووتەکانی یانەکە، خزم و دۆست و برادەرانی سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر لە دوبەی ئامادەبوون لە فیناڵی جامی یانەکانی ئاسیا و ئەوانەشی شەو و رۆژ بۆ یانەکەیان دەسووتان، لە شەقامی ئیسکان زەققەی چاویان دەهات. ئەو شتانە لەبیرناکرێ، بەڵام با ئەوە بزانین یانەی هەولێر موڵکی کەس نییەو یانەی شارێکە، کە خاوەن مێژوویەکی گەورەیە لە وەرزشدا، نوێنەری گەورەی کوردانە لە خولی عێراق و تەنانەت تۆپی پێی ئاسیاشدا. کاتی ئەوەش هاتووە ئیدارەی هەولێر بەخۆیدا بچێتەوە لە رووی رێکخستنی هاندەران و کۆکردنەوەیان پلانێکی هەبێ و هاندەرە دڵسۆزەکان لەخۆبگرێ، کۆمەڵێک شت هەیە کە ئەنجامدانیان ئاسانە و کاریگەری باشی بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین هاندەر هەیە، کە دڵنیام ئەوانیش لە یاریزانە کوردەکان زیاتر پاڵپشتیی تیپەکە دەکەن.

ئەوەی دەمێنێت ئارامگرتن و دانبەخۆداگرتنە بەرامبەر ئاست و ئەنجامەکانی تیپەکە لەم وەرزەدا، کە رەنگە وەک پێویست نەبێت، بەڵام با ئیدی هەولێر مۆرکی کوردانەی خۆی بەدەستبهێنێتەوەو کار بۆ دروستبوونی کوڕانی کورد بکات، ئەزموونێکی نزیکیش هەیە و دەکرێ سوودی لێ وەربگرین، ئەوەتا هەر دوێنێ بوو رادان گاسانینی راهێنەری کرواتی زۆرینەی پێکهاتەی تیپەکەی کردە یاریزانی کوردو کوڕی شارەکە، تا ئاستێکی باشیش سەرکەوتنی هێنا، بەڵام بارودۆخی خراپی تەناهی لە عێراقدا نەیهێشت پڕۆژەکەی رادان سەربگرێت، ئەگینا ئەمڕۆ قسەیەکی دیکەمان دەکرد.







دوای ئەوەی نەیتوانی لەگەڵ یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی سەرکەوتوو بێت، لۆکاس سیلڤای یاریزانی بەرازیلی نزیکە لە جێهێشتنی ریزەکانی یانەی شاهانە، کە بەپێی سەرچاوە نزیکەکانی ریال مەدرید، بەرپرسانی ئەو یانەیە هیچ زەحمەتییەکیان نامێتە ڕێگە بۆ فرۆشتن یان بە کرێدانی سیلڤا، چونکە وەک ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی لەسەر زاری ئەو سەرچاوانە بڵاویکردووەتەوە "ئێستا 11 یانەی ئیسپانی و ئەوروپی داوای گرێبەستکردن یان وەرگرتنی سیلڤا بەشێوەی خواستن لە ریال مەدرید دەکەن".

سوورە لەسەر ئەوەی دایکی خۆی بناسێت..

# کریستیانیتۆ دەبێتە دێوەزمەی باوکی





**ئا: رووداوی وەرزشی**

سەرچاوەیەکی نزیک لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئاشکرایکرد کە کریستیانیتۆی کوڕی ئەو یاریزانە هەڕەشەیەکی جددی لە باوکی دەکات و دەڵێت "لەوانەیە ڕۆناڵدۆ ئەمساڵیش بەهۆی کوڕەکەی نەتوانێت ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات".

ئەو سەرچاوەیە، کە ناوی خۆی بۆ ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا ئاشکرا نەکردووە، باس لە کێشەیەکی جددی دەکات کە بەمدواییە بەرۆکی بە ڕۆناڵدۆ گرتووەو دەڵێت "لەوانەیە ئەمساڵ کریستیانیتۆ هەمان سیناریۆی ئێرینا شایکی کچە نمایشکاری رووسی لەگەڵ ڕۆناڵدۆ دووبارە بکاتەوە، بەڵام بە ستایلێکی نوێ". ئەو سەرچاوەیە زیاتر قسەکانی ڕووندەکاتەوەو دەڵێت "ساڵی رابردوو جیابوونەوەی شایک لە ڕۆناڵدۆ کاریگەرییەکی دەروونی زۆری کردە سەر ئەو یاریزانەو بەو هۆیەوە ماوەیەک ئاستی خۆی لەدەستدا، بەڵام وادیارە ئەمساڵیش کریستیانیتۆ هەمان مەترسی و هەمان کاریگەری دەروونی بۆ سەر باوکی دەبێت، تەنانەت لەوانەیە کێشەی کریستیانیتۆ بۆ ڕۆناڵدۆ گەورەترو کاریگەرتر بێت لە کێشەی شایک".

بە قسەی ئەو سەرچاوەیە، کریستیانیتۆ کە ئێستا تەمەنی بووەتە 5 ساڵ، هەست بە نەبوونی دایکی دەکات و دەڵێت "کریستیانیتۆ هەمیشە پرسیار لە بارەی دایکی خۆی دەکات و دەڵێت کوانێ دایکم، ئەوەش ڕۆناڵدۆی زۆر هەراسان کردووە، کە لەلایەک نایەوێ ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات و لەلایەکیشەوە کوڕەکەی خۆی زۆر خۆشدەوێت و نایەوێت لەو نیگەرانییەدا بیهێڵێتەوە، بەتایبەتیش کە ئەو راستییە دەزانێت کە تاوەکو کریستیانیتۆ گەورەتر ببێت زیاتر لە بارەی دایکییەوە دەپرسێت".

دایکی کریستیانیتۆ دیار نییە، کە بەپێی سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان ڕۆناڵدۆ ئەو کوڕەی لە ئافرەتێکی گارسۆن لە یەکێک لە چێشتخانەکان بووەو دواتر بڕە پارەیەکی خەیاڵی پێداوە بە مەرجی ئەوەی خۆی ئاشکرا نەکات، کە هەندێک دەڵێن 10 ملیۆن دۆلارە.

لەو راپۆرتە ڕۆژنامەوانیانەدا کە لەم ڕۆژانەدا لە بارەی ئەم پرسەوە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە هاتووە "کریستیانۆ لە حاڵەتێکی دەروونی زۆر خراپدایە، بەهۆی سووربوونی کریستیانیتۆ لەسەر زانینی ناسنامەی دایکی راستەقینەی خۆی، بۆیە لەوانەیە ئەم بارودۆخە کاریگەرییەکی مەترسیدار بخاتە سەر ڕۆناڵدۆ و ڕەنگدانەوەیەکی خراپی بەسەر ئاستی یاریکردنیەوە هەبێت".

هەروەها لەو راپۆرتانەدا هاتووە "هەر کاتێ کریستیانۆ پرسیار لە بارەی دایکییەوە بکات، ڕۆناڵدۆ و دایک و خۆشکەکەی هەوڵدەدەن بابەتی قسەکردنیان بگۆڕن و پرسیارەکە لەبیری ببەنەوە، بەڵام ئەو راستییەش دەزانن کە تاوەکو کریستیانیتۆ گەورەتر بێت زیاتر بایەخ بەم پرسە دەدات".

چاودێران لە بارەی مەترسی ئەم پرسە هۆشداری دەدەنە ڕۆناڵدۆ و پێیدەڵێن "ئەگەر تاوەکو زووە چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە نەدۆزیتەوە، ئەوا بێگومان مەترسی یاخیبوونی کریستیانیتۆ لە مەترسی یاخیبوونی ساڵی رابردووی ئێرینا شایک کەمتر نابێت، ئەگەر زیاتریش نەبێت".

"ساڵی رابردوو شایک تواناکانی ڕۆناڵدۆی کوشت و ئەمساڵیش کریستیانیتۆ ئەو ڕۆڵە دەبینێت"

# ماتیۆ کۆڤاسیچ..

# گرێبەستێکی هونەری یان شتی گەورەتر



"کۆڤاسیچ یاریزانێکی هەمە ڕەنگە، ڕاهێنەران لە وەرزە درێژەکاندا حەزیان لەو جۆرە یاریزانانەیە"

**ئا: رووداوی وەرزشی**

لەو کاتەی هەموو چاوەڕوانی ئەوەبوون ریال مەدرید گرێبەست لەگەڵ دی خیا یان هێرشبەرێک واژوو بکات، یانەکە بەفەرمی گرێبەستکردنی لەگەڵ یاریزانی کرواتی، ماتیۆ کۆڤاسیچ یاریزانی ئینتەرمیلان راگەیاند، بەمەش جەماوەر کەوتنە نێو مشتومڕێکی بەردەوام، لەبەرچی بەتایبەتی کۆڤاسیچ؟ لەکوێ یاری دەکات؟ چی لە مێشکی بینتێز و پێرێز چەکەرە دەکات؟.

## کۆڤاسیچ

لە ئیتاڵیا کۆڤاسیچ (تریکۆارتیستا)یە، پلەی مەیکەر کە گۆڵ تۆمار دەکات و لە سێیەکی کۆتایی یاریگە پاس دەداتە هاوڕێکانی، لەگەڵ مانەوە وەک هێرشبەر لە بەردەم ناوچەی ناوەڕاست و پشتی دووانە سەرکەوتووەکە لەنێو هێڵی سزادا. ئەو یاریزانێکی ناوەڕاستی هێرشبەرە بە پلەی یەکەم، دەتوانێت لەنێو هەموو پلانەکانی تۆپی پێ یاری بکات، بۆیە ڕۆڵی سەرەکی لە پلانی 3 ـ 5 ـ 2 ئەینتەر و ئینجا 4 ـ 4 ـ 2 دوای هاتنی مانشینی هەبوو.

ئەو یاریزانە لاوە توانی شوێن پەنجەی تایبەتی خۆی هەبێت، وەک یاریزانێک لە باڵەکان و ناوەڕاست بجووڵێت و قورسایی تەکتیکی راستەقینەی ئینتەر دروست بکات، هەروەها بووە ئەڵقەی بەیەکگەیاندنی نێوان ناوەڕاست و هێرشبردن، دەتوانێت ئەرکی ناوەڕاستی هێرشبەر و پلەی مەیکەر بەرامبەر هێڵی سزا ئەنجامبدات، لەگەڵ بەرگریکردن لە کاتی گۆڕینی یاریدا.

کۆڤاسیچ دەتوانێت لە باڵەکانیش یاری بکات، بەڵام زیاتر لە ناوەڕاست دەدرەوشێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا یاریزانێکە بەلای کۆپی یاریکردنی ستوونی راستەوخۆدا دەچێت، واتە راکردنی خێرا بۆ پێشەوە و داوە، بە تۆپ و بێ تۆپ، بەیەک ئاراستە بەرەو گۆڵی تیپی بەرامبەر.

## لەبەرچی؟

ریال مەدرید چەندین ئەستێرەی لە هێڵی ناوەڕاست هەیە، کرۆس، ئیسکۆ، لۆکا مۆدریچ و خامیس ڕۆدریگز، بۆیە زۆر کەس دەپرسێت، نهێنی هێنانی کۆڤاسیچ چییە؟ نەخاسمە ئەو وەک خامیس گۆڵی زۆر تۆمار ناکات، وەک ئیسکۆ ئەسیست دروست ناکات، وەک کرۆسیش تۆپ بۆ پێشەوە نانێرێت، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ئامارەش، بە هەنگاوێکی ئەرێنی ڕافا بینیتێز و کارگێڕی ریال دادەنرێت. هۆکارەکە بۆ توانای بەرچاوی ئەو یاریزانە دەگەڕێتەوە، دەکرێ کۆڤاسیچ لە ڕووی تەکتیکەوە بە یاریزانی ناوەڕاستی چەق پۆلین بکرێت، کە لە کۆپی (دیب لاینگ) نزیکە، ئەمەش بۆ توانای لە هێشتنەوەی تۆپ لە ژێر فشار و گواستنەوەی لە بەرگری بۆ هێرشبردن دەگەڕێتەوە، یان لە ڕێگەی پاسی درێژ، یان بڕینی بەرگریکاران.

## ژمارەکانی

بە ژمارە کۆڤاسیچ لە دوایین وەرزی لە سیریا ئەی 3.28 یاریزانی بە سەرکەوتووی بڕیووە، کە لە پێش مۆدریچ، ڕۆدریگز و کرۆس دێت، تەنیا ئیسکۆ لە پێشی دێت، لە هەر یارییەکیش 67 پاس دەدات، لە بەرگریکردنیش ڕۆڵی بەرچاوە، چ لە فاولیکردنی یاسایی بێت یان گێڕانەوەی تۆپ بێت، لە کۆتاییدا ماتیۆ یاریزانێکی هەمە ڕەنگە، ڕاهێنەران لە وەرزە درێژەکاندا حەزیان لەو جۆرە یاریزانانەیە.

## ماوەی دوور

ریال مەدرید وەرزی رابردوو تووشی چەندین کێشە هات، دوای پێکانی لۆکا مۆدریچ و خامیس ڕۆدریگز. لۆکا ریتمی یارییەکان کۆنترۆڵ دەکات و خامیسیش لە دروستکردنی گۆڵ، ئەو کاتەی ڕۆناڵدۆ لە ژێر فشار دەبێت. بۆیە بڕیاری یەکەمی ریال لەو هاوینە، دابینکردنی یەدەگی زۆر لە هەموو شوێنەکان بوو، وەک ئامادەباشییەک بۆ هەر بارودۆخێکی پێچەوانە وەک ئەوەی ساڵی رابردوو روویدا. ئەگەر بە تیپی بارسێلۆنای بەراورد بکەین، لویس ئێنریکی راهێنەر پێش دەستپێکردنی لیگا چەندین یاریزانی ئامادەنین، پیکێ، ماتیۆ ، ئەلبا و ئەدریانۆ، لەگەڵ ئاستی لاوازی ڤێرمایلین، پاڵەوانی سێ نازناوی ساڵی رابردوو پێویستی بە خوێنی تازەیە لە هێڵی بەرگری، بەڵام ئەوە تاوەکو ئێستا لە میرکاتۆ ڕووی نەداوە، وەک ئەوەی کارگێڕی بارسا بە پارچە مامەڵە لەگەڵ وەرزە بکات، ئەگەر تووشی پێکانی تازەش بێت یاری بە ئاگر دەکات. لە بەرامبەردا بوونی ماتیۆ کۆڤاسیچ لە پێکهاتەی ریال مەدرید، شتێکە مانای ئاسوودەیی زیاتر لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی هەر ئەستێرەیەکی ناوەڕاست دەبەخشێت، چونکە ماتیۆ دەتوانێت وەک یاریزانی ناوەڕاستی پاڵپشت یاری بکات، نەخاسمە لەگەڵ پێکانی بەردەوامی مۆدریچ، هەروەها دەکرێ وەک یاریزانی پلەی مەیکەری ژمارە 10 یاری پێبکرێ، دەرفەتی زۆر بۆ ڕۆناڵدۆ و بنزیمە دروست بکات، ئەو شوێنەی ئەنچیلۆتی بەهۆی پێکانی خامیس ڕۆدریگز تووشی کێشە هات. ریال مەدرید سەیری دوور دەکات و چەندین یاریزانی لاوی وەک ئیسکۆ، دانیللۆ، ڕۆدریگز و کۆڤاسیچ لە ریزەکانی یاری دەکەن، کە تەمەنیان لە 25 بە خوارەوەیە، بەمەش دەستەی هونەری تاوەکو 6 وەرزی دیکە سوودیان لێوەردەگرێت، چونکە گرەوەکە تەنیا لەسەر وەرزی داهاتوو نییە، بەڵکو کارەکە پەیوەستە بەوەی لە ئایندەی نزیک ڕوودەدات.

# 2 هەواڵی 2 ئەستێرە

**ئا: رووداوی وەرزشی**

لەم 2 کورتە هەواڵەدا 2 زانیاری شاراوە لەسەر 2 ئەستێرە دەخوێنییەوە، کە لەوانەیە لە هیچ شوێنێکی دیکە نەتخوێندبنەوە:

## نیمار گاڵتە بە شەیتان دەکات

ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی بە پشتبەستن بە سەرچاوەیەکی ناو ماڵی بارسێلۆنا ئاشکرایکردووە کە نیمار دا سیلڤای یاریزانی بەرازیلی یانەی کەتالۆنی لەنێو هاوڕێکانیدا لە ژووری جلگۆڕیندا گاڵتەی بە بەرپرسانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی کردووە سەبارەت بەو هەواڵەی لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیا و ئیسپانیا بڵاوبووەتەوە، گوایە بەرپرسانی ئەو یانەیە دەیانەوێ بە گرێبەستێکی خەیاڵی نیمار ببەنە ریزەکانی یانەکەیان. بەپێی ئەو ڕۆژنامەیە "نیمار بە دەنگێکی بەرز قسەی بۆ لیۆنێل مێسی و دانی ئالڤێز کردووەو بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەی بەرزەوە گوتوویەتی مانچستەر یونایتد دەیەوێ نیمار بکڕێت، بەرپرسانی ئەو یانەیە بە هەموو عەقڵیانەوە دەیانەوێ نیمار لە بارسێلۆنا ببەنە مانچستەر یونایتد؟ هههههههه چەند سەیرە!".

بێگومان ئەم قسانەی نیمار هاندەرانی شەیتانە سوورەکان تووڕە دەکات، چونکە بە سووکایەتی پێکردن و بچووککردنەوەی یانەکەیان دەزانن، کە یەکێکە لە گەورەترین و بەناوبانگترین یانەکانی ئەوروپا و جیهان.

## ریال بەر نەفرەتی کاسیاس دەکەوێت

هێشتا ئەو ڕۆژنامەنووس و چاودێرانەی مەیلی ریال مەدریدیان هەیە، ڕۆیشتنی ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی و کاپتنی پێشووی ریال مەدرید لەو یانەیە بەو شێوەیەی روویدا، پێ هەرس نەبووە.

ئەلفرێدۆ ریلانۆی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی کە نزیکە لە یانەی شاهانە، لە وتارێکدا بەناونیشانی "تامێکی نامۆ بۆ لیگا بەبێ چاڤی و کاسیاس" ، ڕەخنەیەکی توند لە بەرپرسانی ریال مەدرید دەگرێت بەهۆی ئەوەی کاسیاسیان بەو شێوە قێزەوەنە لە ریال مەدرید دەرکردو وا پێشاندەدات کە هێشتا کاسیاس توانای ئەوەی مابوو خزمەتی ریال مەدرید بکات. ئەوەش بەبیری بەرپرسانی یانەی شاهانە دێنێتەوە، کە لەوانەیە لەم وەرزەدا یانەکەیان تووشی نەفرەتی کاسیاس ببێت و زۆر بە خراپی باجی ئەو هەڵەیە بداتەوەو لەو بارەوە لە پەرەگرافێکی وتارەکەیدا نووسیویەتی "بۆ بەرپرسانی ریال مەدرید دەردەکەوێت کە لەدەستدانی سەرکردەیەکی بەوەفای وەک کاسیاس چەند زیانی هەیە، بەتایبەتیش ئەگەر گۆڵچییەکانی ریال مەدرید نەتوانن ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، ئەوکات نەفرەتی کاسیاس ئەو یانەیە لەناودەبات".





### ئاشکرابوو

ڕۆژنامەی بێلدی بەناوبانگی ئەڵمانی هۆکاری ڕاستەقینەی شکستهێنانی گرێبەستکردنی یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنەی پورتوگالی لەگەڵ پرێنس بواتینگی یاریزانی غانی یانەی شالکەی ئەڵمانی ئاشکراکرد، دوای ئەوەی ڕۆژنامەکانی پورتوگال هۆکارە ڕاستەقینەکەیان شاردەوە و ڕایانگەیاند کە سەرنەکەوتنی گرێبەستەکە بەهۆی ڕێکنەکەوتنی هەردوولا بووە لەسەر مافەکانی ڕێکلامکردن. بەڵام ڕۆژنامەی بێلد ئاشکرایکرد "ڕۆژنامە پورتوگالییەکان بەئەنقەست هۆکارە ڕاستەقینەکە دەشارنەوە، ئەگەرنا لە ڕاستیدا هۆکارەکە دەرنەچوونی بواتینگ بووە لە پشکنینە پزیشکییەکان".

سەیر و سەمەرە!!

# 300 سەر مەڕ و ماڵاتی ئینیێستا خنکان و چیرۆکی بزنەکەی ڕۆناڵدۆش سەیرە

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات ڕوودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوودەدەن:

## 300 سەر مەڕ و ماڵاتی سوارێز و کاڤانی خنکان



ئەستێرەکانی وەک لویس سوارێز، ئەندرێس ئینییێستا و ئەدینسۆن کاڤانی لە ئۆرۆگوای زیانی دارایی زۆریان بەرکەوتووە. هەندێک سەرچاوەی لۆکالی لە ئۆرۆگوای باس لەوە دەکەن کە 300 سەر مەڕ و ماڵات، کە تایبەتە بە یاریزانان سوارێز، ئینییێستا و کاڤانی، بەهۆی لافاوی ڕووبارێکی نزیک لە کێڵگەیەکی لادێی لە خۆرهەڵاتی وڵات خنکاون، کە ئەو سێ یاریزانە خاوەنیانن. سەرکاری کێڵگەکە لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەی ئەلبایس کە لە مۆنتڤیدیۆ دەردەچێت، باسی لەوە کرد چەند ڕۆژێکی کەمە ئەو کارەی وەرگرتووە، بەڵام نەیزانیووە لافاوەکان ئەوەندە گەورە دەبێت. بۆ بەبیر هێنانەوە مەڕ و ماڵاتەکە لە شوێنێکی بەرزبووە، بەڵام ئەو لافاوەی لە ڕووباری سیبویاتی داوە یەکێک لە گەورەترین لافاوەکانی ئەو ساڵانەی دوایی بووە. کێڵگەکەی ئەو سێ ئەستێرەیە دەکەوێتە دووری 300 کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی مۆنتڤیدیۆی پایتەختی ئۆرۆگوای.

لەو ڕۆژانەدا ئۆرۆگوای بەر چەندین لافاو کەوتووەو بووەتە هۆکاری ئەوەی 5 هەزار کەس ماڵی خۆیان جێبهێڵن.

## بن عەتیە نایێت چیدی تەقە بکات



یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی بڕیاریدا ڕێگە لە ئاهەنگگێڕانی (ڕەشاش) بگرێت، کە بەرگریکاری مەغریبی یانەکە، مەهدی بن عەتییە لەکاتی گۆڵ تۆمارکردن ئەنجامی دەدات، بە پاساوی ئەوەی ئەو جولەیەی بن عەتییە پەیامێکی سەربازیی و سیاسی هەیە. بن عەتییە ڕەتیدەکاتەوە هیچ نیەتێکی سیاسی لە پشتەوەی ئەو جولەیەی هەبێت و دەڵێت "لە ڕۆما دەستم بەو جۆرە ئاهەنگگێڕانە کرد، چونکە بەختی بۆ هێنام، دوای ئەوەی یەکەمجار لەگەڵ بایرن ئەو جولەیەم کرد، داوایان لێکردم وازی لێبهێنم". هەروەها بن عەتییە گوتیشی "ئەوەی بەلامەوە گرنگە، هاندەران بزانن هیچ پەیامێکی سەربازی یان سیاسی لە پشت ئەو ئاهەنگگێڕانەدا نییە، ئەوە تەنیا ئاهەنگگێڕانە بەو گۆڵانەی تۆماریان دەکەم و هیچ پەیامێکی دوژمنکاریی لە پشتەوە نییە.

## چیرۆکی ڕۆناڵدۆ و بزنەکە



یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند، یانە پیشەگەرەکانی سەرتاسەری جیهان دەبێت پابەندی ئەوپەڕی پێوەرەکانی سەلامەتی یاریگەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ هاندەران و پەرەدان بە تازەپێگەیشتووان بن، بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێبدەن بەشداری لە پاڵەوانیەتی دیاریکراو بکەن.

فیفا ئەوەشی ڕاگەیاند یانەکان دەبێت بۆ داهات و ئەو شتانەی هەیانە زیاتر شەفاف بن و ڕێگە بە بەدواداچوونی داهاتی دارییان بدەن، هەتا لە ئەوروپاش یانە بچووکەکان لە سەر یاریگەی خراپ یاری دەکەن و بەئەستەم دەتوانن مووچەی یاریزانەکانیان بدەن. ڕۆناڵدۆی دیاردەی تۆپی پێی بەرازیل لەو بارەوە گوتی "یاریگەی ئەو یانەیەی سەرەتای ژیانی وەرزشیی خۆم لەگەڵ دەستپێکرد، چیمەنەکەی لە ڕێگەی بزنەوە دەبڕدرایەوە".

فیفا بەنیازە لە کۆتایی ئەمساڵ چوارچێوەیەکی جیهانی بۆ پێدانی مۆڵەت بە یانەکان دروست بکات، بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ (کەمترین ڕادەی پێوەرەکان) دابنێت، پاشان لە ڕێگەی یەکێتی کیشوەرەکان پیادەی بکات، دەبێت بارودۆخی ناوخۆیش لەبەرچاو بگیرێت.

بێجگە لە ناوبژیوانان..

# پیکێ ماڵ و منداڵی خۆیشی هەراسانکردووە



**ڕووداوی وەرزشی - DW**

گرتەیەکی ڤیدیۆیی دەریدەخات کە جیرارد پیکێی یاریزانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی نەک هەر لەناو یاریگەدا بۆ ناوبژیوانان بێزارکەرە، بەڵکو بۆ ماڵ و منداڵیشی بێزارکەرە.

خانمە گۆرانیبێژی جیهانی شاکیرا، گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەسەر پەیجی خۆی لە پێگەی تویتەر بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا مێردەکەی جیرارد پیکێی ئەستێرەی بارسێلۆنا دەردەکەوێ لەنێو ماڵەوە یاری بە تۆپ دەکات، وەک ئەوەی منداڵێکی بچووک بێت. هەمان گرتە دەریدەخات چۆن شاکیرا لەخەو هەڵدەستێت و لەو کارەی مێردەکەی پەست و بێزار بووە، بەڵام پیکێ هەوڵ دەدات زیاتر تووڕەی بکات و لە کاتی چوونە دەرەوەی لە ژوورەکە تۆپی تێدەگرێت، شاکیرا لە بارەی ئەو گرتە ڤیدیۆییە نووسیویەتی "ژیان لەگەڵ یاریزانی تۆپی پێ بەم شێوەیەیە".

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو گرتەیە، ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆریان لە بارەی پیکێ نووسی و هەریەکەو بەشێوەیەک باسیان کرد، کە هەندێک لە کۆمێنتەکان گاڵتەجاڕانە بوون و بە ڕووداوەکەی ئەمدواییەی پێکێ و ناوبژیوانی یاری گەڕانەوەی جامی سوپەری ئیسپانیاوە گرێدابوو، کە پیکێ جنێو و قسەی ناشیرینی پێگوت و بەهۆیەوە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیاوە بۆ 4 یاری ڕاگیرا. یەکێک نووسیبووی "وادیارە پیکێ نەک تەنیا بۆ ناوبژیوانان، بەڵکو بۆ ماڵ و منداڵیشی بێزارکەرە".

مۆرینیۆ و ڤان گال.. هەردووکیان بکوژی ئەستێرەکانن

# پێدرۆ لە جەهەنەمی یەکێکیان بۆ دۆزەخی ئەویدی



**ڕووداوی وەرزشی - MU4**

چەندین ئەستێرەی ناسراو ڕەخنەیان لە کەسایەتی لویس ڤان گال و شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو تیپانەی بووەتە ڕاهێنەریان گرتووە، بەوەی هۆکاری تێکشکێنەری زیاتر لە ئەستێرەیەک یان ڕۆیشتنی بووە بەبێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێکی پێشبینیکراو بەدەستبێنن، بەهۆی شێوازی یاری پێکردنی لەنێو یاریگەدا یان پشتبەستن پێی لە یارییەکاندا.

لەسەرووی ئەو ڕەخنەگرانەش هەریەک لە خریستۆ ستۆیچکۆف، دیێگۆ مارادۆنا و فرانک ریبێری دێن. چەندین ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرا ئاماژە بەوە دەدەن، ڤیکتۆر ڤاڵدێز ئامۆژگاری پێدرۆی کردووە نەچێتە مانچستەر یونایتد، نەخاسمە ئەو لەوانەیە بەرگەی شێوازی مامەڵەکردنی ڤان گال لەگەڵی نەگرێت، ئەوەش دوای ئەو قەیرانەی لەنێوان ڤاڵدێز و ڤان گالدا ڕوویدا، پێدرۆش ئەو ئامۆژگارییەی لەبەرچاو گرت و چووە چێڵسی، نەخاسمە دوای ئەزموونی سیسک فابریگاس و هاوڕێی پێشووی لە بارسا، کە پشتیوانی لە چوونی بۆ چێڵسی کرد، بەمەش دانوستانەکان بەشێوەیەکی خێرا ڕوویاندا و پێدرۆ گەشتی کرد بۆ ئینگلتەرا و هەموو شتێک بڕێندرایەوە.

پێدرۆ کۆتایی بە گەشتەکەی لەگەڵ بارسا هێنا، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت ڕۆڵی تەنیا یەدەگی سێیانەکەی هێڵی پێشەوە نیمار، سوارێز و مێسی دەبێت. پێدرۆ بە چوونی بۆ چێڵسی لە قەیرانی ڕاهێنەران ڕزگاری نابێت، نەخاسمە کە مەترسی خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری پورتوگالی بۆ سەر یاریزانان هیچی لەوەی ڤان گال کەمتر نییە، کە بە نەرێنی بەسەر کاروانی زیاتر لە یاریزانێک شکاوەتەوە، لەسەرووی هەموویانەوە کیڤن دی برۆین، محەممەد سەلاح و دواینیشیان خوان کوادرادۆیە، کە دوای هاتنی پێدرۆ زۆر لەوە نزیکە لە ڕیزەکانی چێڵسی بڕوات. هەروەها مۆرینیۆ هۆکاری ڕۆیشتنی چەند یاریزانێک بووە، کە لەگەڵ ئەو تیپانەی گرێبەستیان لەگەڵ کردوون درەوشاونەتەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە کیڤن دی برۆینی بەلجیکی، باشترین یاریزانی خولی ئەڵمانیا لە وەرزی ڕابردوو، دوای ئەوەی دەرگەی چوونی بۆ یانەی فۆلفسبۆگ بۆ کردەوەو بە یاریزانێکی ئاسایی وەسفیکرد و گوتی "قەناعەتم بە تواناکانی نەهات، ئێمە لە تیپی ڤێردەربرێمەن نین".



رووداو وەرزشی
ژمارە (364) سێشەممە 2015/8/25

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**چامپیۆنسلیگ** — سێشەممە 2015/8/25 — 09:45
مۆناکۆ — ڤالێنسیا

**چامپیۆنسلیگ** — چوارشەممە 2015/8/26 — 09:45
کلۆپ برۆج — مانچستەر یونایتد

**چامپیۆنسلیگ** — چوارشەممە 2015/8/26 — 09:45
بایرلیڤەرکۆزن — لازیۆ

**خولی ئینگلتەرا** — شەممە 2015/8/29 — 02:45
نیوکاسڵ — ئارسناڵ

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 4)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2015/8/29** | |
| نیوکاسڵ ـ ئارسناڵ | 02:45 |
| بۆرنیمۆس ـ لیستەر سیتی | 05:00 |
| ئەستۆن ڤێلا ـ سەندەرلاند | 05:00 |
| چێڵسی ـ کریستال پالاس | 05:00 |
| لیڤەرپوول ـ وێستهام | 05:00 |
| مانچستەر سیتی ـ واتفۆرد | 05:00 |
| ستۆک سیتی ـ وێست برۆمیچ | 05:00 |
| تۆتنهام ـ ئێڤەرتۆن | 07:30 |
| **یەکشەممە 2015/8/30** | |
| ساوسهامتۆن ـ نۆرویچ سیتی | 03:30 |
| سوانزی سیتی ـ مانچستەر یونایتد | 06:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ مانچستەر سیتی | 9 |
| 2 ـ لیستەر سیتی | 7 |
| 3 ـ مانچستەر یونایتد | 7 |
| 4 ـ کریستال پالاس | 6 |
| 5 ـ لیڤەرپوول | 6 |
| 6 ـ سوانزی سیتی | 5 |
| 7 ـ ئێڤەرتۆن | 4 |
| 8 ـ نۆرویچ سیتی | 4 |
| 9 ـ چێڵسی | 4 |
| 10 ـ وێستهام | 3 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ریاز | لیستەر سیتی | 4 |
| 2 ـ ویلسۆن | بۆرنیمۆس | 3 |
| 3 ـ گۆمێز | سوانزی سیتی | 3 |
| 4 ـ کومپانی | مانچستەرسیتی | 2 |
| 5 ـ تۆرێ یانە | مانچستەر سیتی | 2 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ئارسناڵ و لیڤەرپوول) دانراوە.

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 3)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2015/8/28** | |
| ڤۆلفسبۆرگ ـ شاڵکە | 09:30 |
| **شەممە 2015/8/29** | |
| کۆڵن ـ هامبۆرگ | 04:30 |
| ماینز ـ هانۆڤەر | 04:30 |
| ئوگسبۆرگ ـ ئینگۆلشتات | 04:30 |
| دارمشتات ـ هۆفنهایم | 04:30 |
| شتۆتگارت ـ فرانکفۆرت | 04:30 |
| بایرن میونشن ـ بایرلیڤەرکۆزن | 07:30 |
| **یەکشەممە 2015/8/30** | |
| بورۆسیا دۆرتمۆند ـ هێرتا بەرلین | 04:30 |
| ڤێردەربرێمەن ـ مونشنگلادباخ | 06:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بورۆسیا دۆرتمۆند | 6 |
| 2 ـ بایرن میونشن | 6 |
| 3 ـ بایرلیڤەرکۆزن | 6 |
| 4 ـ شاڵکە | 4 |
| 5 ـ کۆڵن | 4 |
| 6 ـ ڤۆلفسبۆرگ | 4 |
| 7 ـ هێرتا بەرلین | 4 |
| 8 ـ ماینز | 3 |
| 9 ـ ئینگۆلشتات | 3 |
| 10 ـ هامبۆرگ | 3 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ مۆلەر | بایرن میونشن | 3 |
| 2 ـ مخیتاریان | بورۆسیا دۆرتمۆند | 2 |
| 3 ـ هێلەر | دارمشتات | 2 |
| 4 ـ ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 2 |
| 5 ـ لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 2 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 4)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2015/8/28** | |
| گانگۆن ـ مارسیلیا | 09:30 |
| **شەممە 2015/8/29** | |
| کان ـ لیۆن | 06:00 |
| لیل ـ ئەجاکسیۆ | 09:00 |
| ریمس ـ لۆریان | 09:00 |
| رین ـ تۆلۆز | 09:00 |
| تروا ـ مۆنپێلیە | 09:00 |
| ئەنجی ـ نیس | 09:00 |
| **یەکشەممە 2015/8/30** | |
| سانت ئیتیان ـ باستیا | 03:00 |
| بۆردۆ ـ نانت | 06:00 |
| مۆناکۆ ـ پاریس سانجێرمان | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ پاریس سانجێرمان | 9 |
| 2 ـ باستیا | 7 |
| 3 ـ ئەنجی | 7 |
| 4 ـ نانت | 7 |
| 5 ـ رین | 6 |
| 6 ـ کان | 6 |
| 7 ـ ریمس | 6 |
| 8 ـ مۆناکۆ | 5 |
| 9 ـ نیس | 4 |
| 10 ـ تۆلۆز | 4 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ماتویدی | پاریس سانجێرمان | 2 |
| 2 ـ پاتشوای | مارسیلیا | 2 |
| 3 ـ ئاییتی | باستیا | 2 |
| 4 ـ بن عەرەفە | نیس | 2 |
| 5 ـ دیلۆرت | کان | 2 |

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 2)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2015/8/28** | |
| ڤیارپال ـ ئیسپانیۆل | 09:30 |
| **شەممە 2015/8/29** | |
| ریال سۆسیداد ـ خیخۆن | 07:30 |
| بارسێلۆنا ـ مەلەگە | 09:30 |
| سێلتاڤیگۆ ـ رایۆ ڤالیکانۆ | 11:00 |
| ریال مەدرید ـ ریال بیتیس | 11:30 |
| **یەکشەممە 2015/8/30** | |
| ئیبار ـ ئەتلەتیک بلباو | 07:30 |
| سڤیلیا ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 09:30 |
| ڤالێنسیا ـ دیپۆرتیڤۆ | 09:30 |
| گیتافی ـ گرانادا | 11:30 |
| لاس پالماس ـ لیڤانتی | 11:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ سێلتاڤیگۆ | 3 |
| 2 ـ بارسێلۆنا | 3 |
| 3 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 3 |
| 4 ـ ئیسپانیۆل | 3 |
| 5 ـ ریال بیتیس | 1 |
| 6 ـ ڤیارپال | 1 |
| 7 ـ مەلەگە | 1 |
| 8 ـ سڤیلیا | 1 |
| 9 ـ ڤالێنسیا | 1 |
| 10 ـ ریال مەدرید | 1 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ سوارێز | بارسێلۆنا | 1 |
| 2 ـ گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 1 |
| 3 ـ کاسترۆ | ریال بیتیس | 1 |
| 4 ـ فابیان | سێلتاڤیگۆ | 1 |
| 5 ـ سۆلدادۆ | ڤیارپال | 1 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (گرانادا و ئیبار) دانراوە.

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 2)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2015/8/29** | |
| بۆلۆنیا ـ ساسۆلۆ | 07:00 |
| میلان ـ ئیمپۆلی | 09:45 |
| **یەکشەممە 2015/8/30** | |
| رۆما ـ یوڤانتۆس | 07:00 |
| ئاتالانتا ـ فرۆزینۆنی | 09:45 |
| کیێڤۆ ـ لازیۆ | 09:45 |
| جێنەوا ـ ڤیرۆنا | 09:45 |
| ناپۆلی ـ سامپدۆریا | 09:45 |
| تۆرینۆ ـ فیۆرەنتینا | 09:45 |
| ئۆدینێزی ـ پالێرمۆ | 09:45 |
| کارپی ـ ئینتەرمیلان | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ سامپادۆریا | 3 |
| 2 ـ کیێڤۆ | 3 |
| 3 ـ فیۆرەنتینا | 3 |
| 4 ـ لازیۆ | 3 |
| 5 ـ تۆرینۆ | 3 |
| 6 ـ ساسۆلۆ | 3 |
| 7 ـ ئۆدینێزی | 3 |
| 8 ـ ئینتەرمیلان | 3 |
| 9 ـ پالێرمۆ | 3 |
| 10 ـ رۆما | 1 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ مۆرییێل | سامپادۆریا | 2 |
| 2 ـ مارتینز | سامپادۆریا | 2 |
| 3 ـ کوالیارێلا | تۆرینۆ | 1 |
| 4 ـ بیلیا | لازیۆ | 1 |
| 5 ـ هامسیک | ناپۆلی | 1 |



## چامپیۆنسلیگ (پاڵاوتن)

| یاری | کات |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/8/25** | |
| مۆناکۆ ـ ڤالێنسیا | 09:45 |
| ماکابی تەلئەبیب ـ بازل | 09:45 |
| ماڵمۆ ـ سێلتیک | 09:45 |
| شاختار رابید ـ ڤیەننا | 09:45 |
| دینامۆ زاگرب ـ سکیندیربیۆ | 09:45 |
| **چوارشەممە 2015/8/26** | |
| ئەپۆیل نیقۆسیا ـ ئەستانا | 09:45 |
| کلۆپ برۆج ـ مانچستەر یونایتد | 09:45 |
| بایرلیڤەرکۆزن ـ لازیۆ | 09:45 |
| پارتیزان ـ باتی بۆریسۆڤ | 09:45 |
| سیسکا مۆسکۆ ـ لێشبۆنە | 09:45 |

**خولی ئەڵمانیا** — شەممە 2015/8/29 — 07:30
بایرن میونشن — بایرلیڤەرکۆزن

**خولی ئیسپانیا** — شەممە 2015/8/29 — 09:30
بارسێلۆنا — مەلەگە

**خولی ئیتاڵیا** — یەکشەممە 2015/8/30 — 07:00
رۆما — یوڤانتۆس

**خولی فەرەنسا** — یەکشەممە 2015/8/30 — 10:00
مۆناکۆ — پاریس سانجێرمان

102.7 FM

لەگەڵ (سەفین و ئیحسان و ڕێبوار)

هەموو سێشەممەیەک کاژێر 16 (یاریگای ڕووداو لە ڕادیۆی ڕووداو)






ڕێبوار محەممەد

# هەولێر و بلباو مۆرینیۆ و مارادۆنا

### گەڕانەوەی سێوە بۆگەنەکە

بێرلسکۆنی و گالیانی لە دوا ساتەکانی بازاڕی گواستنەوەی یاریزاناندا کاری سەرنجڕاکێش و شێتانە دەکەن، ئەوەتا گەڕانەوەی بالۆتێلی بۆ میلان بووەتە گەرمترین مانشێتی ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا.

هەواڵەکان دەڵێن سەرۆکی میلان داوای لە بالۆتێلی کردووە، بەر لەوەی بگەڕێتەوە میلان شێوازی پرچی بگۆڕێت، ئاخر سەرۆک ناهەقی نییە، ئەو باشدەزانێ کەس بە ماریۆ ڕازی نییە و نەک یانەکان، بەڵکو ئەو یاریزانە خۆیشی متمانەی بەخۆی نەماوە، ئەو کە پێشتر بە ماریۆی گوتبوو سێوی بۆگەن! ئێستا چۆن دەیباتەوە تیپەکەی؟ لەوانەیە داوای پرچ گۆڕینەکەش هەر ئەوە بێت، تا بێرلسکۆنی شێوەی ڕووخساری ماریۆ لەبەرچاوی هاندەرانی میلاندا بگۆڕێت، تا بیریان نەیەتەوە ئەوە یاریزانە شکستخواردووەکەی خۆیانە و ڕوو لە ماڵەکەیان دەکاتەوە، کێ دەڵێ سەرۆک بە ماریۆی نەوتووە نەشتەرگەرییەکی جوانکاری بۆ لوتیشت بکە، یان هەندێک کرێمی پێست سپیکردنەوە بەکاربهێنە! بۆ نا هەموو شتێک دەبێت.

### مۆرینیۆ و مارادۆنا

مۆرینیۆ هەر لە بەرامبەر ڕاهێنەرەکان و ناوبژیوانەکاندا خاوەنی لێدوانی سەیر نییە، بەرامبەر یاریزانەکانیش هەمان کار دەکات، کاتی خۆی کە لە ئینتەرمیلان بوو کاتێک گرێبەستی لەگەڵ لۆسیۆی بەرگریکەری برازیلیدا کرد، لێیان پرسی ڕات لەسەر ئەو یاریزانە چییە؟ گوتی لۆسیۆ زۆر باشە، هەرچەندە خاوەنی دوو قاچی زۆر باش نییە بەڵام دەتوانێ بۆ تیپەکەمان باش بێت! دیارە لۆسیۆ بۆ باسکە هاتبوو نەک تۆپی پێ.. ئێستا مۆ گرێبەستی لەگەڵ پیدرۆدا کردووە، لە دوای یەکەم یاری لێیان پرسی ڕات لەسەر پیدرۆ چییە؟ گوتی ئەو تۆزێکی مابوو بگاتە ئاستی مارادۆنا! پیدرۆ و مارادۆنا؟ ئەی هاوار.. ئەی ئەگەر مێسی بباتە چێڵسی مۆرینیۆ دەبێ چی پێبڵێت؟

### بلباو و هەولێر

هەمووان ئێستا باسی ئاتلێتیک بلباو دەکەن، بە تایبەت کە لە یاری چوونی جامی سوپەری ئیسپانیادا 4 گۆڵی لە بارسا کرد، بلباو دەمێکە جێگەی سەرنجە، بەڵام لە کوردستان تا لە ڕیال و بارسا تووشی شۆک نەکات، کەس باسی ناکات.

ئەو یانەیە تاکە یانەیە هاوتای بارسا و ڕیال یاریکردن لە پلە دووی ئیسپانیای بەخۆوە نەبینیوە، هەمیشە لە لالیگا یاریکردووە، یاریزانەکانی هەموویان ئیسپانین و یاریزانی دەرەوە قبوڵ ناکات ئەو یانەیە، سۆران بەهادین گوتەنی ئەوە جێگەی سەرنجی بۆ ئێستای کوردستان کە ئێمەش یانەمان هەن و گلەییان لەسەر لە بەکارهێنان و پێگەیاندنی یاریزانی کورددا، بە تایبەت یانەی هەولێر.

بۆ زانین بلباو دەمێکە لەسەر ڕیتمێکی جێگری دەڕوات، هەردەم سەر ئێشەیە بۆ گەورەکانی ئیسپانیا، لە یاریکردن بە یاریزانی ئیسپانی گرنگتر بە لای منەوە، یاریگەی سان مامیسی تایبەت بە یانەکەیە کە شوێنی ترس و سەرئێشەیە بۆ هەموو تیپەکانی ئیسپانیا، یانەکانی کوردستانیش یاریگەیان هەیە، هاندەریشیان هەیە، لە بری جەهەننەم بۆ تیپی بەرامبەر، بووەتە شوێنی پشوو بۆیان، هاندەرەکانی هەولێر و یانەکانی دیکەش لە دوای دە خولەک لە یاری پشت لە تیپەکەیان دەکەن، یان گوڵەبەڕۆژە دەخۆن و گازندە دەکەن، یان چیس چیس لە یاریزانەکان دەکەن، دە ئێوەش یاریگەکان بکەنە دۆزەخی تیپەکانی بەرامبەر..

## حەزی لە شتە گرانبەهاکانە..

# دیپای حەزی لە بۆکسێنە و شەیدای تاتۆیە



**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەریتانیا خۆیان خزاندە نێو ژیانی تایبەتی مەمفیس دیپای، دوای درەوشانەوەی لە بەرامبەر یانەی کلۆپ بروجی بەلجیکی، لە یەکەم یاری پاڵاوتنەکانی چامپیۆنسلیگ و پەردەیان لەسەر چەند لایەنێکی ژیانی ئەو ئەستێرە هۆڵەندییە هەڵدایەوە.

بە پێی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانە بێت «دیپای پانکێکی بۆکسێنی لە ماڵەکەی لە هۆڵەندا هەیە، چونکە زۆر حەزی لەو یارییە و وێنەیەکیان بڵاوکردەوە، کە بەهۆی ئەنجامدانی یارییەکی بۆکسێن چاوی پەلماوە». هەروەها ئەوەشیان دووپاتکردەوە مەمفیس زۆر شەیدای تاتۆیە، بەتایبەتی ئەوەی لەسەر سینگی کوتاویەتی و نووسراوە «من بەدوای خەونەکان دەکەوم».

هەمان دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆژەڤی شەیدابوونی ئەو ئەستێرە لاوەیە بە مۆدە کردەوە، وێنەیەکیان بڵاوکردەوە لە کاتی گەیشتنی بۆ یەکەمجار بۆ شاری مانچستەر پێش چەند هەفتەیەک، کە پێڵاوێکی لە پێبوو و جانتایەکی هەڵگرتبوو لەگەڵ هەندێ تەواوکاری بە بەهای 10 هەزار پاوەند، واتە 220 ملیۆن سەنتیم، پشکی شێر بەر مۆبایلی ئایفۆنێکی داپۆشراو بە زێڕ کەوتبوو، کە نرخەکەی 88 ملیۆن سەنتیمە، لەگەڵ کاژمێرێک بە بەهای 44 ملیۆن سەنتیم، بێجگە لە پێڵاوێک بەهەمان نرخ و جانتایەک لە جۆری (لۆی فیتۆن) کە نرخەکەی 10 ملیۆن سەنتیمە.


ڕووداو وەرزشی

LOTTO

(ڕووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ............................................................

مۆبایل : ............................ ............................

2 چل و سێیەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.

پێشبڕکێ

بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی: 0750 760 5215 لەگەڵ ناوی خۆت





پێشڕەو ئەمین

لە

هەڵەبجەی شەهید

بە لێدوانی:

( لۆران بلانە، خەریکی پلانە

بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.








ڕووداو وەرزشی

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

0750 454 71 68 - e-mail:ihsanrudaw@gmail.com

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد



هەموو دووشەممەیەک ڕووداو بخوێنەوە

ڕووداو هەمووان گەنجتر دەکاتەوە

www.rudaw.net